

پوختەیەک لەمەڕ

# شەوی قەدری پیرۆز

نووسینی

عبدالرحمن نجم الدين طه

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ڕەمەزانی ساڵی ١٤١٩ ی کۆچی

بسم الله الرحمن الرحيم

إنّا أنزلناهُ في ليلةِ القدرِ • وما أدراكَ ما ليلةُ القدرِ • ليلةُ القدرِ خيرٌ مِنْ ألفِ شهرٍ • تنزّلُ الملائكةُ والرّوحُ فيها بإذنِ ربّهمْ مِنْ كلِّ أمرٍ • سلامٌ هيَ حتّى مطلعِ الفجرِ•

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

**ئێمە قورئانمان ناردۆتە خوارەوە لە شەوی ( قەدر ) دا .. تۆ ( ئەی موحەممەد ) نازانیت شەوی قەدر چی یەو چەندە گەورەیە ؟ .. شەوی قەدر شەوێکی وایە کە گەورەترو چاکترە لە هەزار مانگی تەواو .. لەو شەوەدا فریشتەکان و جوبرەئیل بە فەرمانی خوای خۆیان بۆ ڕا پەراندنی هەموو کاروبارێکی خێر دێنە خوارەوە .. ئەو شەوە شەوی ئاشتی و خێرو فەڕ بوو تا بەرەبەیانی لێ هەڵات .**

بسم الله الرحمن الرحيم

## خوێنەرانی هێژا !

خۆم بە خۆش حاڵ دەزانم لە توێی ئەم نامیلکەیەدا چەند زانیاریەك بخەمە پێش چاو ئێوەی ئازیز سەبارەت بە شەوی قەدری پیرۆز ، ئەگەرچی ئەم شەوە شیاوی ئەوەیە کە زۆرترو زیاتری لەسەر بنووسرێت و ، ڕووە جیاجیاکانی زیاتر روون بکرێتەوە ، بەلاّم دیارە ئەوە دەرفەت و کاتێکی زۆرتری پێویستە ، بۆیە من لێرەدا تەنها فریای ئەوە کەوتووم تەنها ئاماژەیەك بۆ گەورەیی و مەزنیی و شکۆداریی ئەم شەوە بکەم ، بە ئومێدی ئەوە کە خوای گەورە لێم وەرگرێت ومایەی سوود بێت بۆ هەموو لایەك کوردیش وتویانە : بۆ کەسێك کەسە ، ئەلفێکی بەسە

## شەوی قەدری پیرۆز چی یە ؟

وشەی (قەدر) لە زمانی عەرەبیدا بە چەند مانایەک هاتووە ، لەوانە : بەرزو پیرۆز ، بە نرخ ، رێکخستن .. جا هەر کام لەو مانایانە پڕاوپڕە لەگەڵ ئەم شەوە پیرۆزەدا ، چونکە ئەم شەوە شەوێکی پیرۆزو بەرێزە ، ئەی مەگەر قورئانی پیرۆزی تیادا نەهاتووەتە خوارەوە ؟! ، شەوێکی بە نرخیشە ، چونکە خێری ئەو شەوە لە خێری ( ١ ) مانگ زیاترە کە ئەم شەوەی تیا نەبێت .. شەوی رێکخستنە ، چونکە لەم شەوەدا خوای گەورە کاروباری دوا پەیامی ئاسمانیی خۆی و کاروباری بەندەکانی رێک دەخات .

ئەم شەوە پیرۆزەکە لە مانگی رەمەزاندایە ، تیایدا قورئان هاتوەتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەرمان (ﷺ) .. جا بە هۆی ئەم فەزڵەوە کە بەم شەوە براوە ، ئەم شەوە بووەتە شەوێکی هێندە مەزن کە لە قورئاندا سورەتێک بە ناوی ئەوەوە ناونراوەو ، تایبەتە بە باسی ئەو شەوەوە ، کە سورەتی (القدر) ی پیرۆزە .

## کام شەو شەوی قەدرە ؟

لەبەر کۆمەڵێک حیکمەت کە خوای گەورە خۆی باشتریان دەزانێت ، ئەم شەوە پیرۆزە بە تەواوەتی دیاری نەکراوە ،بۆیە زانایانی ئیسلام و فوقەها تیایدا هاودەنگ نین و ڕای جۆراو جۆر لەبارەیەوە هەیە ،

هەندێکیان پێیان وایە شەوی (٢٧ی رەمەزانە) ، هەندێکی تر دەڵێن ( شەوی ٢١ ی رەمەزانە ) ، هەندێکی دیکەش دەڵێن ، لە یەکێک لە دە شـــەوەی کۆتــایی دایـــە ، واتـــە شـــەوە تاکـــەکان (٢١، ٢٣، ٢٥، ٢٧، ٢٩) *

لێرەدا چەپکێک لە فەرموودەکانی پێغەمبەری ئازیز ﷺ لـە بارەی ئەو شەوە پیرۆزەوە دەخەینە ڕوو :

**١-قال رسول الله ﷺ (التمسوها في العشر الأواخر في كل وتر) متفق عليه.**

واتە : لە شەوە تاکەکانی دە شەوەی کۆتای دا بۆ شەوی قەدر بگەڕێن

**٢-عن عائشـة (رض) ان النبـي ﷺ (اذا دخـل العشـر الاواخـر ، أحيا الليلة ، وايقض اهله، وشد المأذر) متفق عليه.**

خـاتوعائشـە دەفـەرموێت : پێغەمبـەر ﷺ هەرکـە ( ١٠ ) شـەوەی کۆتایی رەمـەزان دەهـات ، ئیتر سـەراپای ئـەو شـەوانەی بـە عیبـادەت بەسەر دەبردو ، خێزانەکانیشـی هەڵدەستاند بـۆ عیبـادەت و ، توخنـی سەر جێگە نەدەکەوتەوە !

**٣-قال ابى بن كعب ﷺ (والله لقد علم ابن مسعود انها فـي رمضان ، وأنها في ليلة سبع وعشرين ، ولكن كره ان يخبركم فتتكلوا) رواه الترمذي**

ئوبەی کوڕی کەعب دەڵێت : سوێند بەخوا (ئیبن مەسعود) دەیزانی کە شەوی قەدر شەوی (٢٧ی ڕەمەزانە) ، بەڵام حەزی نەکردووە پێتان بڵێت ، چونکە گەر بیوتبایە ئیتر ئێوە پاڵتان لێ دەدایەوەو ، جگە لەو شەوە شەوانی تر عیبادەتێکی ئەوتۆتان نەدەکرد .

**٤-عن ابن عمر ﷺ قال قال رسول الله ﷺ (من كان متحريا" ، فليتحرها ليلة سبع وعشرين)**

واتە : هەرکەسێ بە شوێنی (**ليلة القدر**) دا دەگەڕێت ، ئەوە با لە شەوی (٢٧) دا بۆی بگەڕێت

بە پێی ئەو فەرمودانەو زۆر فەرموودەی دیکەش ، شەوی قەدر لە یەکێک لە دە شەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزاندایەو ، ئەگەری زۆریشی هەیە کە شەوی (٢٧) ی ڕەمەزان بێت .

## تایبەتمەندییەکانی شەوی قەدر

• ئەم شەوە بەفەڕە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە ، لەوانە:

• پیرۆزترین و پڕخێر ترین شەوگاری ساڵە ، ئەوەش بە پێی دەقی ئایەت .

• شەوێکە تایبەت بە ئومەتی محەمەد پێغەمبەر (ﷺ) ، چونکە هیچ کام لە ئومەتەکانی تر ئەم شەوەیان نەبووە .

•لەم شەوەدا قورئانی پیرۆز لـە (لوح المحفوظ) ەوە نێرراوەتـە (بیت العزة) لـە ئاسمانی دنیاو ، ئینجا هـەر لـە وێشـەوەو لـەم شەوەدا دەست کراوە بەنازڵ کردنی بۆ سەر زەوی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) .

•لەم شەوەدا فریشتەکان و حەزرەتی (جبریل) سەلامی خوای لەسەربێت بەکۆمـەڵ دێنـە خـوارەوەو ، دۆعـاو درووود دەنـێرن بـۆ موسڵمانانی دڵ بێدار

• ئەم شەوە تا ڕۆژیی دوایی هەر بەڕێزلێنراویی دەمێنێتـەوەو ئیمانداران بە تاسەیەوەن .

## لە نیشانەکانی شەوی قەدر

بەپێی هەندێک لـە فـەرموودەکان ، ئـەم شـەوە پـیرۆزە کۆمەڵـێک نیشانەی هەیە ، لەوانە :

شەوێکی ساف و ڕوونـە ، مـانگ تیـایدا ڕۆشـن و درەخشـانە ، نـە زۆر ساردەو نـە زۆر گەرمـە ، خۆری بەیانیەکەی ڕەنگـی سپی یـە ، سـپی یـەکی بـێ تیشـک ، وەکـو مـانگی ( ١٤ ) وایـە ، شـەیتان هـەرگیز ناتوانێت لەگەڵ خۆری ئەو ڕۆژەدا بێتە دەرەوە

شایانی ئامـاژە بـۆ کردنـە ، مـەرج نی یـە لـە هـەموو پارچەیـەکی سـەر زەویدا شـەوی قـەدر هـەموو ئـەو نیشـانانەی تیـا بێتـە دی ، چونکـە ئاشـکرایە کـە کـەش و هـەوای ناوچەکـە و گـەلێک هۆکـاری تـر

٠٦

کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەو نیشانانە لەبەر ئەوە رەنگە تەنها لە ناوچەیەک یان چەند ناوچەیەکدا ئەو نیشانانە بە دی بکرێن .

## حیکمەتی شاردنەوەی شەوی قەدر

دیارە خوای گەورە خۆی باشتر لەوحیکمەتانە دەزانێت ، بەلاّم ئەوەی عەقڵی ئێمەی مرۆڤ پەی پیّ بەرێت ، هەر هێندە یە ، کە خوای گەورە بۆیە ئەو شەوەی لیّ ئاشکرا نەکردووین ، تا لە هەموو شەوەکاندا بکۆشین و عیبادەتی زیاتر بکەین و هەولّ بدەین خوا لە خۆمان رازی بکەین .

خوای گەورە گەلێک شتی دیکەشی لە بەندەکانی پەنهان داوە ، کە رەنگە یەکێک لە حیکمەتەکانی ئەو شتە شاراوانە ئەمە بێت کە لێرەدا ئێمە ئاماژەی پیّ دەدەین ...وەکو :

١ –ساتی مردنی شاردۆتەوە ، تا مرۆڤ هەمیشە مردنی لەیادبێت .

٢ –رۆژی قیامەتی شاردۆتەوە ، تا مرۆڤ هەمیشە لە خەمی توێشووی ئەو رۆژە ترسناکەدا بێت .

٣–وەلاّمدانەوەی دۆعای شاردۆتەوە ، تا مرۆڤ زیاتر و زۆر تر دۆعا بکات و بپاڕێتەوە .

٤ –(صلاة الوسطى) ی شاردۆتەوە ، تا موسڵمان گرنگی بە هەر پێنج فەرزە نوێژەکەی بدات .

٥-خەشم و توڕەبوونی خۆی لە گوناهەکان شاردۆتەوە ، تا مرۆڤ لە هەموو گوناهێکی گەورەو بچوک سڵ بکاتەوە .

٦-سەعاتی گیرابوونی دۆعای لە ڕۆژی هەینیدا شاردۆتەوە ، تا موسڵمان بەردەوام لەو ڕۆژەدا دەستی بەرەو ئاسمان بڵند بێت و ، نزا بکات و بلالێتەوە ..

## موسلمان لەشەوی قەدردا چی بکات ؟

بەپێی سوننەتی پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) سوونەتە موسڵمان شەو تا بەیانی بە عیبادەت بباتە سەرو هەموو چەشنە عیبادەتێکی تیادا ئەنجام بدات : نوێژی تەراویح ، شەو نوێژ ، قورئان خوێندن ، زکرو تەسبیحات ، دوعاو لالانەوە ، خێر بەخشین ، ئیعتیکاف ..هتد پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (**من قام ليلة القدر ايمانا" واحتسابا"، غفر له ماتقدم من ذنبه**).

واتە هەر کەسێک شەوی قەدر بە ئیمانێکی پتەوەوەو ، تەنها لە بەر ڕەزامەندیی خوا تا بەیانی بە عیبادەت و بەندایەتیی زیندوو بکاتەوە ، ئەوە پەروەردگار لە گشت ئەو گوناهانەی کە پێشتر کردوونی ، خۆش دەبێت .

هەروەها سوننەتە موسڵمان لەم شەوەدا ئەم دۆعایە زۆر زۆر بخوێنێت: (**اللهم انك عفو ، تحب العفو فاعف عني**) واتە : خوایە

٩

تۆ زۆر لێبوردەیت وحەزت لە لێبوردنە ، سا خوایە ببەخشە و لە گوناهەکانم ببورە .

شایانی باسە هەتا بکرێت موسڵمان ساتەکانی ئەم شەوە پیرۆزە بە عیبادەت بباتە سەرو نەخەوێت ، خۆ ئەگەر کەمێکیش خەوت بۆ ئەوەی زیاتر چالاک بێت بۆ عیبادەتەکان ئەوە ئەو سەرخەوشکاندنەشی بۆ بە عیبادەت حسێب دەبێت ، مادەم مەبەستی ئەوەیە چالاکانە عیبادەتەکان ئەنجام بدات ، نەک بە ورپی و خەو بیباتەوە . . هەروەها خۆ سەر قاڵ کردن بە وەرگرتنی ئامۆژگاری و رۆشنبیریی و زانستە ئیسلامیەکانیشەوە هەر عیبادەت و پەرستنە ، بەو پێیەش گشت کارو گوفتارە چاک و پەسەندەکانی دیکەش . .

سەرچاوەکان :

١- روح الدين الاسلامي – عفيف طبارة

٢- فقه الصيام – يوسف القرضاوي

٣- الاساس في السنة – سعيد حوى .

هەر لە تاریکی شەوایە ڕێ درێ ئەهلی نیاز
ڕازی دڵ ئیفشا بکەن ، خەڵوەتگەهی خاصانە شەو
تێبگە بۆچی بەجانن طالیبی شەو عاشقان
نیوە شەو بوو ، وەعدەگاهی هاتنی جانانە شەو
هێندە صاحێب سیڕڕە ، (میعراج) و شەوی (قەدر) و بەرات
خاصەجاتی ئەون و ، مومتازە بەم ئەسرارانە شەو
هەر کەسێ طالیب بە دوڕڕی مەعریفەت کۆ کردنە
پڕ لە دوڕڕ دەریایەکی بێ مەهلەکەی خنکانە شەو

(مەحوی)

مافی چاپ و لە بەرگرتنەوەی پارێزراوە
ژمارەی سپاردن (٢٤٦) بۆ ساڵی ١٩٩٨